السيد الحكيم يزور مدينة حلبجة ويؤكد على أهمية تطوير المدينة وتحقيق العدالة لشهدائها

لەمیانەی سەردانەکەی بۆ شاری هەڵبجە، بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە ئەندامانی حکومەتی نوێی شارەکە و بەڕێوەبەرانی فرمانگە خزمەتگوزارییەکان، سەماحەتی خۆشحاڵی خۆی بە پێشوتنی بیناسازی شارەکە دەربڕی و دووپاتی کردەوە کە هەڵبجە پێویستی بە پتەوکردنی ژێرخان هەیە، داواشی کرد سەنتەری زیاتری پزیشکی و شیاندنی دەروونی و سەنتەری کۆشوهەوا بکرێنەوە و گوتیشی هەموو هەوڵ لە ئارادایە تا هەڵبجە بکرێتە پارێزگایەکی عیراقی ئەوەش هەڵی وەبەرهێنان و شایستەی دارایی زیاتر دەکات، ئەوەش باشترین خەڵات و ڕێزلێنانە بە شەهیدانی ئەو شارە.

سەماحەتی حەکیم ڕوونیکردەوە کە ئامادەبوونی سەردانی کردنی ئەو شارە بەڵگەیەکە بە دڵنەوایی کردنی شەهیدان و هاوخەمییان لەگەڵ خێزانی هەڵبجە، ئاماژەشی کرد کە ئەو سەردانە پەیامێکی ئاشتی و بەیەکەوە ژیانی هەڵگرتوە بە ڕێکخراوی گەلی عێراق بە هەموو پێکهاتەکانی، هەروەها دووپاتی کردەوە کە پێویستە تاوانی هەڵبجە بە زیندوویی لە ویژدانی مرۆڤایەتی بهێڵینەوە تا ببێتە پێندێك بە دووبارە نەبوونەوەی ئەم جۆرە تاوانانە.

سەماحەتی حەکیم گوتیشی ژێمی پێشوو پێ بوو لە زوڵم و قەهر جێختیشی کردەوە لەسەر بەبیرهێنانەوەی ئەم جۆرە تاوانانە بە ئەوەی دووبارە نەبێتەوە، لەم ڕوانگەیەش ئاماژەی بەوە کرد کە گەلی لوبنانی و فەلەستینی تێپەڕە دەبێت لە تاوانی جینۆ ساید و کەمەکوژی بەبەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو.

سەماحەتی باسی ساتی سەرکایەتی کردنی کاری تیمی دەکەمەنتکردنی تاوانی هەڵبجەی لە کاتی خۆی کرد و گوتی لە نەخۆشخانەکانی تاران دەگەڵ ئەو ئەوەی وێنە بگرین و زانیاری لەسەر شەهیدان تۆمار بکەین، دووپاتیشی کردەوە کە گرنگە ئەو یادەوەرییانە بەدەکەمەنت بکرێن تا ببێنە گەواهیدەری ئەو تاوانە قێزەونە.